دوای چاکبوونەوەی ئایەتوللا سەید سیستانی پێشوازی لە سەردانیکەران دەکات



ئەمڕۆ هەینی، مەرجەعی باڵای ئایینی، ئایەتوللا "سەید عەلی سیستانی" دوای ئەوەی لە پێتایی ئینفلوئنزا چاکبووەوە، دەرگای بەووی دیدار و پێشوازیکردن لە سەردانیکەران و باوەداران کردەوە . ئەم دیدار و پێشوازییانە هاوکات بوون لەگەڵ یادی لەدایکبوونی سەروەری ژنانی جیهان، حەزرەتی فاتیمەی زەهرا (سڵاوی خوای لێ بێت).

لەدیدار و پێشوازییەکاندا سەید سیستانی پیرۆزبایی ئەم یادە پیرۆزەی لە ئامادەبووان کردووە و لە یەزدانی باڵا پاڕاوەتەوە کە لەسەر خۆشویستی و پەیوەوکردنی ڕێبازی ئەهلی بەیت (سڵاوی خوایان لێ بێت) بە تەندروستی و سەلامەتی بەردەوامیان پێبدات.